


## ڕاژان ئەنوەر:

**یاریزانی تۆپی باسکەی یانەی دەربەندیخان**

# خەونی گەورەم ئەوەیە بە درێس و ئاڵای وڵاتەکەمەوە یاری بکەم

*** لەنێوان ئەم هەموو یارییە وەرزشیە جۆراوجۆرە بۆچی یاری باسکەت هەڵبژارد؟**

-هەر لە سەرەتای ئاشنابوونم بە وەرزشەوە، حەز و خولیایەکی تایبەتم هەبووە بۆ یاری باسکە، جیاواز لە یارییەکانی تر، نەبوونی تیپێکی کچانیش بۆ ئەم جۆرە وەرزشە لە شارەکەم هۆکاری سەرەکی بوو کە روو لەم یارییە بکەم.

*** ئاستی یاری تۆپی باسکە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-یاری تۆپی باسکە بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی کچان، بۆیە چەندین یانەی بەتوانا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان هەن، ئەوەش بەڵگەیە کە ئەم یارییە پێشکەوتووە.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی یاری تۆپی باسکە لە کوردستان بەرز بێتەوە؟**

- کردنەوەی خولی تایبەت بۆ ڕاهێنەرانی تۆپی باسکە و هەر یانەیەك تیپی باسکەی تایبەت بە خۆی هەبێ، بەردەوام خولەکان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێن، ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ باشبوونی ئەم یارییە.

*** نەکردنەوەی پاڵەوانێتی تا چەند لەسەر ئاستی یاریزانان بە گشتی کاریگەری هەبووە؟**

- بێگومان کاریگەری هەبووە، چونکە ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتییەکان کاریگەری لە بەردەوامبوونی مەشق و ڕاهێنانەکان دەکات بە شێوەیەکی گشتی، ئەم قەیرانەش جگە لە یاری باسکە زۆربەی یاریە وەرزشیەکانی پەکخستووە.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی کچان زیاتر روو لە وەرزش بکەن؟**

-پێویستە ئەوە روون بێتەوە بۆ هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە کە وەرزش بۆ هەردوو ڕەگەزە، بێ جیاوازی، ئافرەتانیش هیچیان کەمتر نییە لە پیاوان، بۆیە پێویستە کچان زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و بێنە نێو وەرزش و بە ئاستی خۆیان بگەنە لوتکەی جیهان.

دیمانە: کارزان کانەبی



**یانەی دەربەندیخان تاکە یانەی دەڤەری گەرمیانە کەوا گرنگییەکی بەردەوام بە یارییە وەرزشییەکانی سەر ئاستی کچان دەدات، بەتایبەت لە یاری تۆپی باسکە کە ساڵانە بەردەوام مەشقی تایبەتیان هەیە بۆ پێگەیاندنی کچە یاریزانان و ئامادەکردنیان بۆ پاڵەوانێتییەکان و هەمیشە بە هیوای دروستکردنی یاریزانانی بەتوانان بۆ یانەکەیان، یەکێک لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش ڕاژان ئەنوەرە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری دەربەندیخانە و خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنە لە یاری تۆپی باسکە و لە ساڵی ٢٠١٠ـەوە لە یانەی دەربەندیخانە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ڕاژان کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

*** دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی دەربەندیخان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-لە ئێستادا بەهۆی باری داراییەوە کە بەرۆکی سەرجەم یانەکانی گرتووە بە یانەی دەربەندیخانیشەوە، ئەمە وای کردووە کە هاوکاری ماددیمان نەمێنێت، بەڵام پێداویستییەکانمان بۆ ئامادە دەکرێت بە تەواوی کەرەستەکانی ڕاهێنان و دابینکردنی ڕاهێنەر و هۆڵ، ئەوەش بۆ ئێمە پێویستە بۆ ئەوەی درێژە پێدەری ئاستی خۆمان بین.

*** هیوا و ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم ئاستی خۆم و یانەکەم و یاری باسکە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق لە لوتکەدا ببینم.

*** بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

-بەردەوامبوونم لە ئەنجامدانی ڕاهێنانەکان و خۆ ئامادەکردنمان بۆ خوڵ و پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو بۆ دەستەبەرکردنی ئەنجامی باش.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بێت؟**

-ئەوە ئاواتی هەموو یاریزانێکی تۆپی باسکەیە بۆیە منیش ئەوە هیوای گەورەمە کە بە درێس و ئاڵای وڵاتەکەم یاری بکەم.

*** بە چ یاریزانێکی یاری باسکەی جیهانی سەرسامیت؟**

-زۆر بە ئاستی یاریزان لیبرۆن جیمس سەرسامم، هەمیشە حەز دەکەم بگەمە ئاستی ئەو.

*** هیچ گرێبەستێکت لەلایەن یانەکانەوە پێشکەش کراوە؟**

-گرێبەست بۆ یاریزانان دێت، بەڵام من تەنیا یاریزانی یانەی دەربەندیخانم.

*** لە کۆمەڵگەی کوردی تاچەند پشتگیری وەرزشی ئافرەتان دەکرێ؟**

-پشتگیری دەکرێ بەڵام لە ئاستی پێویست نییە، هیوادارم زیاتر پشتیگری لێ بکرێت، بۆ ئەوەی کچانیش شان بە شانی کوڕان دەرفەتیان هەبێت بۆ ئەوەی خۆیان بسەلمێنن.

*** پەیامت بۆ بەرپرسانی وەرزشی لە کوردستان چییە؟**

-کاری باشتر و چاکتر ئەنجام بدەن لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی وەرزش بەتایبەت لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە و گرنگی زیاتریش بە یاری تۆپی باسکە بدەن، چونکە دوای تۆپی پێ زۆرترین هەواداری لە کوردستان هەیە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەم پشتگیرییە بەردەوامەی لەسەرجەم شارەکانی کوردستان لە وەرزشی دەکات، بەهیوای ئەوەم بەردەوام بن لە خزمەتکردن بە وەرزشی ئافرەتان.



# یارییەکانی پاڵاوتنی کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا و ئەمەریکای باشوور بۆ سەرکەوتن بۆ جامی ٢٠١٨ دەستییپێکردووە

■

**لە هەفتەی رابردوو لە کیشوەری ئەوروپا و ئاسیا و ئەمەریکای باشوور یارییەکانی قۆناغی کۆتایی سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ رووسیا دەستی پێکردووە، کە تیایدا لە هەردوو کیشوەر ئەنجامی چاوەڕواننەکراو تۆمارکرا.**

ئا: ڕێبین ڕەمزی

### ● کیشوەری ئەورووپا

هەڵبژاردە بەشداربووەکان بەسەر نۆ کۆمەڵە دابەش کراون، لە هەر کۆمەڵەیەک خاوەن پلەی یەکەم ڕاستەوخۆ سەردەکەوێت بۆ جامی جیهانی و باشترین هەشت هەڵبژاردەی خاوەن پلەی دووەم لە نۆ کۆمەڵە سەردەکەوێت بۆ یارییەکانی پاشکۆ بۆ ئەوەی چوار هەڵبژاردەی تریش سەربکەوێت بۆ جامی جیهانی، هەڵبژاردەی ئەڵمانیا کە پاڵەوانی جیهانە ئەویش بەشداری لە یارییەکانی پاڵاوتن دەکات، ئەنجامی یارییەکان بەمشێوەیە بوو.

### کۆمەڵەی یەکەم

ئەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (هۆڵەندە، فەرەنسا، سوید، بولگاریا، لۆکسمبۆرگ، ڕووسیا سپی) یاری دەکەن، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوو.

هۆڵەندە — سوید ١-١

بولگاریا — لۆکسمبۆرگ ٤-٣

فەرەنسا — ڕووسیای سپی ٠-٠

### کۆمەڵەی دووەم

لەم کۆمەڵەیە لە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (پورتوگال، سویسرا،هەنگاریا، دوورگەکانی فاروو، لاتفیا، ئەندۆرا) پێکهاتووە، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوون:

سویسرا — پورتوگال ٢-٠

دوورگەکانی فاروو — هەنگاریا ٠-٠

لاتفیا — ئەندۆرا ١-٠

### کۆمەڵەی سێیەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (ئەڵمانیا، چیک، ئێرلەندی باکوور، نەرویج، ئازربیجان، سان مارینۆ) یاری دەکەن، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوون:

ئەڵمانیا — نەرویج ٣-٠

ئازربایینجان — سان مارینۆ ١-٠

چیک — ئێرلەندەی باکوور ٠-٠

### کۆمەڵەی چوارەم

لەم کۆمەڵەیەشدا هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (وێلز، سربیا، نەمسا، کۆماری ئێرلەندە، مۆڵدۆڤیا، جۆرجیا) یاری دەکەن، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوو.

وێلز — مۆڵدۆڤیا ٤-٠

نەمسا — جۆرجیا ٢-١

سربیا — کۆماری ئێرلەندە ٢-٢

### کۆمەڵەی پێنجەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (ڕۆمانیا، دانیمارک، پۆلەندە، جەبل ئەسود، ئەرمینیا، کازخستان) یاری دەکەن، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوون:

ڕۆمانیا — جەبل ئەسود ١-١

دانیمارک — ئەرمینیا ١-٠

پۆلەندە — کازخستان ٢-٢

### کۆمەڵەی شەشەم

ئەم کۆمەڵەیە لە هەڵبژاردەکانی (ئینگلتەرە، سلۆڤاکیا، ئوسکتلندە، سلۆڤینیا، لیتوانیا، ماڵتا) پێکهاتووە، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوون:

ئینگلتەرە — سلۆڤاکیا ١-٠

ئوسکتلندە — ماڵتا ٥-١

سلۆڤینیا — لیتوانیا ٢-٢

### کۆمەڵەی حەفتەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (ئیسپانیا، ئیتاڵیا، ئەلبانیا، ئیسرائیل، مقدۆنیا، لیشتنشتاین) یاری دەکەن، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوو.

ئیسپانیا — لیشتنشتاین ٨-٠

ئیتاڵیا — ئیسرائیل ٣-١

مەقدۆنیا — ئەلبانیا ٢-١

### کۆمەڵەی هەشتەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (بەلژیکا، بۆسنە، ئەستۆنیا، یۆنان، قوبرس، جەبل تاریق) یاری دەکەن، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوو:

بەلژیکا — قوبرس ٣-٠

بۆسنە — ئەستۆنیا ٥-٠

یۆنان — جەبل تاریق ٤-١

### کۆمەڵەی نۆیەم

ئەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (کرواتیا، ئیسلەندە، ئۆکرانیا، تورکیا، فنلندا، کۆسۆڤۆ) یاری دەکەن، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوو.

کرواتیا — تورکیا ١-١

ئیسلەندە — ئۆکرانیا ١-١

کۆسۆڤۆ — فنلەندا ١-١





● **کیشوەری ئاسیا**

یارییەکان قۆناغی سێیەمی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ی رووسیا تایبەت بە کیشوەری ئاسیا دەستی پێکرد و ١٢ هەڵبژاردە سەرکەوتووەکە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەشکراون و لە هەر کۆمەڵەیەك دوو هەڵبژاردە راستەوخۆ بۆ جامی جیهانی سەردەکەون و خاوەنی پلەی سێیەمی هەردوو کۆمەڵە دژی یەکتر یاری دەکەن و براوەی ئەم یارییە لەگەڵ پاشکۆی یەکێك لە کیشوەرەکانی ئەوروپا و هەردوو ئەمەریکا یاری دەکەن، تا ئێستا دیاری نەکراوە.

## کۆمەڵەی یەکەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (کۆریای باشوور، قەتەر، سوریا، ئۆزباکستان، چین، ئیران) یاری دەکەن و ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوو.

**جەولەی یەکەم**

ئیران – قەتەر ٢-٠

کۆریای باشوور – چین ٣-٢

ئۆزباکستان – سوریا ١-٠

**جەولەی دووەم**

قەتەر – ئۆزباکستان ٠-١

سوریا – کۆریای باشوور ٠-٠

چین – ئێران ٠-٠

ریزبەندی کۆمەڵەی یەکەم بەمشێوەیە:

١- ئۆزباکستان ٦ خاڵ

٢- کۆریای باشوور ٤ خاڵ

٣- ئێران ٤ خاڵ

٤- سوریا ١ خاڵ

٥- چین ١ خاڵ

٦- قەتەر سفر خاڵ

## کۆمەڵەی دووەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (عێراق، سعودیە، ئیمارات، تایلاند، ژاپۆن، ئوستراليا) یاری دەکەن و ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوو.

**جەولەی یەکەم**

ئوستراڵیا – عێراق ٢-٠

ژاپۆن – ئیمارات ١-٢

سعودیە – تایلاند ١-٠



**جەولەی دووەم**

عێراق — سعودیە ١-٢

تایلاند — ژاپۆن ٠-٢

ئیمارات — ئوستراڵیا ٠-١

ریزبەندی کۆمەڵەکە بەمشێوەیە

١- سعودیە ٦ خاڵ

٢- ئوستراڵیا ٦ خاڵ

٣- ئیمارات ٣ خاڵ

٤- ژاپۆن ٣ خاڵ

٥- عێراق سفر خاڵ

٦- تایلاند سفر خاڵ

**● کیشوەری ئەمەریکای باشوور**

لە کیشوەری ئەمەریکای باشوور ١٠ هەڵبژاردە رکابەری لەسەر چوار بلیتی سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ دەکەن و خاوەن پلەی پێنجەم یاری پاشکۆ لەگەڵ یەکێك لە کیشوەرەکان دەکات لەسەر بلیتێکی سەرکەوتوو بۆ جامی جیهانی و یارییەکانی ئەم پاڵاوتنە بەشێوازی خول بە دوو قۆناغ ئەنجام دەدرێت، ئەنجامەکانی هەردوو جەولەی حەفتەم و هەشتەم بەمشێوەیە بوو.

**جەولەی حەفتەم**

بۆلیڤیا — پیرۆ ٢-٠

کۆلۆمبیا — ڤەنزویلا ٢-٠

ئیکوادۆر — بەرازیل ٠-٣

ئەرژەنتین — ئۆرگوای ١-٠

پاراگوای — شیلی ٢-١

**جەولەی هەشتەم**

ڤەنزویلا — ئەرژەنتین ٢-٢

ئۆرگوای — پارگوای ٤-٠

شیلی — بۆلیڤیا ٠-٠

بەرازیل — کۆلۆمبیا ٢-١

ئیکوادۆر - پیرۆ

ریزبەندەکە بەمشێوەیە:

١- ئۆرگوای ١٦ خاڵ

٢- بەرازیل ١٥ خاڵ

٣- ئەرژەنتین ١٥ خاڵ

٤- ئیکوادۆر ١٣ خاڵ

٥- کۆلۆمبیا ١٣ خاڵ

٦- پارگوای ١٢ خاڵ

٧- شیلی ١١ خاڵ

٨- بۆلیڤیا ٧ خاڵ

٩- پیرۆ ٧ خاڵ

١٠- ڤەنزوێلا ٢ خاڵ